# لەدیدگای سەرۆکی پارتی ودەسەلاتەکەیدا، ژنان چ جیگایەکیان هەیە ؟

سەوسەن سەلیم
sawsan.s@ukonline.co.uk



له دیدارێکی مهابات قەرەداغی کەلە 2004-12-19 لەگەل سەرۆکی پارتی دیمکراتی کوردستان سازدراوە، جارێکی‌تر جیێگای ژن لەدیدگای ناسیونالیزمی کورد و سەرۆك ودەسەلاتەکەیەوە دینێتەوە روو کەناکری لەلایەن ئێمە ژنانی ئازادیخوازەوە بەفەرامۆشی بسپردرێت. بەتاییەتی کەدەربرینەکانی مەسعودبەرزانی جگەلەوەی لەکەش و هەوایەکدا بلاودەبنەوە کەگەمەی"هەلبژاردن" لەگۆردایە، هاوکات جیێگای ژن لەدیدگای ناسونالیزمی کورد و حیزب و دەسەلاتەکەیدا بەرجەستە دەکاتەوە. کەوایە با بزانین سەرۆکی پارتی دیمکراتی کوردستان چۆن لە ژن دەروانی؟..

سەرەتا پرسیارەکان ئاماژەکردنە بۆکەمی رێژەی ژنان لەنێو دامودەزگاوحکومەت وپۆستە حیزبی‌یەکان وهەروەها بۆ ناکارایی ئافرەت لەنێو دەسەلات و پیکهاتەکانی تردا، پاشان داواکاریەکانیش ئەوەن کەدەرفەت بدرێ بەژنان بەشداری کارایان هەبێت. بەتایبەتی رێژەی ژنان لە ناوەندەکانی بریارداندا گاریگەر بێ.. بەلام وەلامی مەسعودبەرزانی لەزمانی گوزارشتگەرەکەوە ئەوەیە کە:

"لەلای من ئافرەتی کورد موقەدەسە. بەحەقیقەت مقەدەسە و ئەمە بەو پەری باوەرەوە دەیلیم"

دواتر دەلیت:

" ئەگەرچی پیاوان لەشۆرشدا بەشداربوون وئەوان لەسەنگەردا بوون وشەریانکردووە، بەلام رۆلی ئافرەتان نەبوایە قەت نەیان ئەتوانی خەبات بکەن. رۆلی ئافرەتان ئەگەر لەوان زیاتر نەبووبی کەمتر نەبووە. بۆیە من شانازی بەئافرەتانی کوردستانەوە دەکەم ..بە راستی زور قوربانی‌یان داوە بۆ کوردستان و شۆرشەکانی کوردستان"

ئەم دوو دەربرینە جێگای لێوردبوونەوەی زۆرە، و لەیەك بۆچوونی گشتی دا ئەتوانی بەس بێت بۆئەوەی جێگای ژن لە دیدگای ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی لەوانەش پارتی نیشان بدات، بەلام بەراستی ژن موقەدەسە و قوربانی زۆریانداوە!! ... ئەگەر سەرۆکی پدك ئەم هاوکیشەیە وادەبینی.. پرسیار ئەوەیە خودی ئەم سەرۆکەو پارتەکەی ودەسەلاتەکەی چ فداکاریەکیا بۆ ژنان کردوە ؟؟ چ پاداشتێکیان داونەتەوە؟؟؟ چ بەرنامەیەکی پیشکەوتوخوازانەیان بۆ ئەم "هێزە موقەدەسە"و بۆ ئەم "هێزە فیداکارە" بوە تابە دەردی ئەم چەندساڵەی پێدا تێپەریون نەرۆیشتنایە؟ سەرۆکی پدك دەتوانی چ شانازیەك بە سەرۆکایەتی‌یەکەیەوە بکات کەلەماوەی چەند سالی تەمەنی حیزبەکەیدا تەنها یەك ژن لەسەرکردایەتی‌یە کەیدابێت؟ منیش لێرەدا پرسیارم ئەوەیە. ئەگەر بەراستی ژنان لای سەرۆکی پدك و دەسەلاتەکەی موقەدەسە ئەی بەسەرهاتی "ژنانی بەرزانی" کە بە دانیشتووی نێو ئۆردوگای قودس وخورشیدی ناسران، لەژێر سایەی دەسەلاتی کام حیزب و سەرۆکدا روویدا و ئەوانی لەگەل بریاری حەلالکردنی کوشتنی بەکۆمەلدا بەرەو رووکردەوە، هەر لەبەر ئەوەی کەدوای ئەنفالی میردەکانیان شویان کردبووەوە و وەیا مارە برابوون!!؟

ئایا ئەوە دەسەلاتەکەی پارتی نەبوو هەمووقانونە فاشستەکانی بەعسیان "قانونی ئەحوالی شەخصی" پربەپر بەرێوە برد لەکوردستان" ؟ بەراستی ئەوە کی بوو کەبەئاشکرا دەستی ئاغا وکوێخاو مەلای لەسەر ژیانی ژنان ئاوەلاکرد تا کاربەوە گەیشت مەلابەشیر وچەندین ئاخوندی تری ژێردەسەلاتەکەی فتوای کوشتنی ژنانی یەکسانخوازو پیشکەوتوخوازبدات؟ ئەگەر ژنان بەراستی موقەدەسن، سەرۆکی پارتی ئاگای لەوەهەیە کە رۆژانە نمونەکانی خۆ کوژی و کوشتنی ناموسی ژنان لەنیو دەزگاکانی خودی پارتی‌یەوە بلاودەبنەوە و زۆرتریش کیشەیان ئەوەیە کەرێگای بەئازادی هەلبژاردن و گرتنی پەیوەندی و هاتوچوو هەلبژاردنی شیوەکانی ژیانی شەخصی‌یان لی بەربەستکراوە؟؟ ئایا سەرۆکی پارتی و حکومەتەکەی چیان کردووە لەبەرامبەر تاوانەکانی پیاوسالاری کەبەپلایس گۆشتی لەشی زیندووی "هەورە"یان پچریبوو؟ ئایا باوکی پیلا کەپیلای 16 سالەی ئەنجن ئەنجن کرد چ سزایەکی وەرگرت؟ .. ئەگەر ژنانی کوردستان بەراستی موقەدەسن، ئایا سەرۆکی پارتی بیری لەوە کردۆتەوە کە بۆ لەماوەی چەند سالی حاکمیەتی خوی و حکومەتەکەیدا زیاتر لە 9 هەزار ژن بەبەهانەی شەرەف و نەبوونی ئازادی‌یەکانیان کوژراون، کەبەشێکی ئەم رووداوانە لەنیو شەقامەکان و بەبەرچاوی خەلکەوە روویان داوە؟ ...

کاتیك کە ژنانی کوردستان بەو هەموو دەرد و مەینەتی وبی مافی‌یانەوە ژیان بکەن، کاتێك کە دیاردەی رەشەکوژی و خوسوتاندن و نەبوونی ئازادی‌یە فەردی و مەدەنی‌یەکانیان پی لەقالب درابی، کاتیك کە دەسەلاتیکی مەدەنی و سکولار لەگۆر نەبی، کاتیك کەیاسایەك نەبی چاولەژنان بکات وەك هاولاتیی‌یەکی تەواو و ئینسانیك کەشایستەی بەهاکانی خۆیەتی، ئەتوانری "موقەدەس بوون" چ پیناسەیەك بە ژیانی ژنان ببەخشی؟

بەپێچەوانەوە تەجروبەکانی ژیانی ژنانی کوردستان لەژیر سایەی 13 سال حاکمەیەتی ناسیونالیستی کورددا تەنها دەتوانی موقەدەسبوونیان ئەوەبیت کەبکرینە پاشکۆی مقدساتی دین ونەتەوەو خێزان و وەك ئامرازێکی تەبلیغاتی بەدەستەوە بگیرت.

بەلام رستەی تەواوکار لەپیناسەکانی سەرۆکی پارتیدا ئەوەیە کە"ژنان قوربانیان داوە". بەراستی ئەگەر ژنان قوربانیانداوە و ئەمەش بەهایەکی هەیە بۆسەرۆکی پارتی دەبێ ئەوەشمان پی رابگەیەنیت کە چیان بۆکراوە؟ ئایا لەو هەموو پارەوپۆلەی کە لەداهاتی نەوت و گومرگەکانی سنور و باج و خەراجیك کەبەسەر خەلکیانەوە دایان ناوە، چەندی لەسەر رێگای ژنانی بێکار، ژنانێك کەنەخویندەوارن، ژنانێك کەمنالەبەرن، ژنانیك کەگیرۆدەی کیشەکانی خیزانین، ژنانیك کەبەدەست نەخۆشییەکانی ژنانەوە دەرد ومەینەت دەچیژن.... سەرف کراوە؟ ئایا سەرۆکی پارتی ئەتوانی بالانسی ئەو قوربانی دانەی ژنان داویانە لەگەل ئەوەی وەریانگرتووە لەحکومەتەکەی بەویژدانەوە بسەلمێنی. لەراستیدا چ "موقەدەس" بوون و چ ئەوەی "ژنان قوربانیان داوە" تەنها وەك خوراکی پروپاگەندەیە هیچی تر..

بەلام قودسیەتی ژنان لەدیدگای ناسیۆنالیزمی کورددا جیگایەك بەوان دەبەخشی کەبە" ژنی نمونە" دەناسرێ. نمونەیەك کە ژنان دەبی پاشکۆی پیاوان و لەدوای ئەوانەوە خۆیان بناسێنن، کاتێك کەکچن دەبی گویرایەلی براگەورە و باوکبن ولەئەخلاقیاتی باوکسالاری ئەوان دەرنەچن و ببنە هەلگری شەرەفی باوك و برا و تیرە، کەدەبنە هاوسەریش داوین پاك بن وخیانەت لەمیردەکانیان نەکەن، دایکێکی بەتەحەمول وراپەرینەری فەرمانی مال و وەسیلەی بەرهەم هێنانەوی رۆلەی چەسوربن. کاتێکیش باس لە"شورش وخەبات و حیزبە" ژنان دەبی جەبهەی خەلفی پیاوانبن. وە پارچەیەك لە جگەریان بەکوردستان ببەخشن و دواتریش کە شورش تەواوبوو لەمالەوە بەدیار میردەوە دانیشن. چونکە ژنان ناتوانن "شەریقارەمانانە بکەن" چونکە زەعیفن! ناتوانن سەرۆکایەتی بکەن چونکە بێئیرادە و نەزانترن لەپیاوان! ئەمە ئەو پیناسە و جێگاو رێگایەیە کەبزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بەژنانی داوە. لەمباریەشەوە باشترە ئاماژە بەچەند ووتەی مسعود بەرزانی لەکۆنگرەی چوارەمی یەکیتی ژنانی کوردستان بینمەوە بیرتان کە وتویەتی:

" ئەوەجێگای شانازیە بۆ ژنانی کوردستان کەبەلە خۆ بوردییەوە پارچەیەك لە جگەریان بکەن بە فیداو قوربانی خاکی پیرۆزی کوردستان"..

لەجیگایەکی تر دەلێت:

" لەریزی پێشەوەی ئەرکە پیرۆزەکانی ژنان پەروەردە کردنی ئەو رۆلانەیە کە رۆحیەتی فیداکاری وقوربانیدانیان تیا بەرجەستە بۆتەوە"

ئەمە پەیامی سەرۆکی پدك ودەسەلاتەکەیەتی بۆ ژنانی کوردستان...هەرئەم بۆ چونەیە کەشۆفینزمی پیاوسلاری تا ئەوپەری بالادەستی بەسەر ژیانی ژنانەوە لەکۆمەلگادا برەوپیداوە. لەگۆشەیەکی تردا چاوپیکەوتنەکە مسعودبەرزانی دەلێت:

"پشتوانی لەژنان دەکەم بەلام گرنگە ئەوانیش بۆ خۆیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان شەربکەن و بینە مەیدان...کاربکەن بۆ گەشەپێدانی خۆیان ..ئەگەر وانەبێ ناتوانن مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن..."

ئەم قسانەی سەرۆکی پدك بەئاشکرا ئەوە پیشان ئەدات کە نە خۆی نەدەسەلاتەکەی بەبەرپرس نازانێ لەبەرامبەر ماف و ئازادییەکانی ژناندا، تەنانەت نایەوێت بەرپرسیاریتی لەئەستۆگرتنی بەرنامەیەك بۆ باشترکردنی ژیانیان رابگەیەنی، ئەمە لەکاتێکدایە کەدەولەت و دەسەلات هەمیشە بەرپرسی وەزعیەتی نالەباری ژنانن جا چ ئەوان لە مەیداندابن یان نەبن. تەنانەت ئەگەر قسە لەسەر خودی ژنان وهەولدانیانە. من وەك ژنێك دەمەوی ئەوەبلیم بەسەرۆکی پارتی کە ئیمەی ژنان هیچ کات درێغیمان نەکردوەو هەمیشە سەرباری هەموو رێگریەك کەلەلایەن دەسەلات و قانون و دین و فەرهەنگی پیاوسالاری و فەزای کۆنەپەرستانەوە کە ئەمەش هەرئێوە و حیزب و حکومەتەکەتان لی بەرپرسن، خەباتمان کردووە و پێشرەوی مان نواندووە بەتایبەتی لەسالانی دووای راپەرینەوە بزوتنەوەی ژنان گۆشەیەکی پرشنگدارو پیشکەوتنخوازی کۆمەلگای کوردستانی خستۆتە نێو مێژووی ئەم دەورەیەوە. بزوتنەوەی ژنان بۆ مافە ئینسانیەکانی خۆیان بۆ داخوازیە مەدەنییەکان و وەستانەوە بەدژی هەلاواردنی جنسی پێ ووچان دەنگێك وهێزێکی نارازی بووە و چەندین چالاکی و خوپیشاندان و مەراسیم و کۆرو کۆبوونەوەو رێکخراوی هێناوەتە مەیدانەوە. .. بەلام هەلویستی پارتی دیموکرات ودەسەلاتەکەیان لەم بزوتنەوەیە و داواکانی چی بوە؟

لەئاستی تەبلیغات و فریودانداندا ئەوە ئەحزابی دەسەلاتدار بووە کەمەسەلەی ژنان کراوەتە پاشکۆی خەباتی نەتەوایەتی وهەمیشە ژنانیان بەوە چەواشە کردووە کە کاتی ئەوە نییە باس لە مافەکانتان بکەن جاریکوردستان ئازاد نییە.. کاتێکیش بزوتنەوە نارازی ورادیکالی ژنان هاتوتە مەیدانەوە بەربەستیان بۆپێکهناوە و لەژێرناوی لادان لە مقدەساتی دینی وکلتوری بەرەو دوا پالیان پێوەناوە. وتەنانەت هیرشیان کردۆتەسەر و هەلسوراوانیان گرتووە و چالاکی رێکخراوەکانیان بەنایاسایی ناساندووە..هێرش بۆرێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان نمونەیەکی زیندوی ئەم واقعەیە . لەلایەکیتریشەوە دەستگرتنی ئیسلامی سیاسی و سەرۆك عەشیرەت و مەلای مزگەوت و چاوپۆشی لەفتوا و هەرەشەکانیان... هەموو ئەمانە ئەو راستییە دەسەلمێنن کە خودی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی یەکەمین بەربەستی سەر رێگای گەشەو هەولدانی بزوتنەوەی ژنانن بۆ داخوازییەکانیان. بەمجۆرەش ئەوە مەسعود بەرزانی نییە کە داوا لەژنان دەکات خۆیان بێنە مەیدانەوە بەلکو ئەوە ژنان و بزوتنەوەکەیانە کە حزی و دەسەلاتەکەی مەسعود بەرزانی بەبەربەستی خۆیان دەبینن.

واقعیەتی ژنانی کوردستان وبزوتنەوەکەی ناتوانی بەپێوانەکانی سەرۆکی پارتی مەزەندە بکری، بەلکو ئەوە ژنانن کەمەزەندەی هەردەسەلات و سەرۆك و حیزبیك بەوەدەکەن کەتاچەند لەپشت خواستەکانی ژنانی کوردستان بۆ ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنە لەکۆمەلگادا راوەستاون ، ئەمەش تەنها پێوەرە بۆ پیچەوانە نیشاندانی جێگایەك کە سەرۆکی پارتی و ناسیونالیزمی کورد بۆژنانی دیاری کردووە.

2005/1/28